# جوانی جلی کوردی بۆ نیـــــ





## جوانترین تەسریحەکانی مۆدەی سەرح

تەســـریحە تازە و جوانەکان بە جوانترین شـــێوە کاری تازەی بۆ کراوە و لە ڕوانگەی بواری جوانکارییەوە بە شایســـتەترین مۆدەکان دادەنرێ و دیمەنێکـــی ڕازاوەش دەبەخشـــێ، چەندەها مۆدەی جیـــاواز هەن و هەریەکە لەگەڵ شێوازێك گونجاو دەبێ، مەبەست لەوە لەگەڵ کاتێکی دیاریکراودا دەردەکەوێ و دەکرێ جیاوازی هەبێ بۆ هەر کاتێکی دیکە، بە تایبەت تەسریحە بۆ کاتی شەوانە و کاتی سەهرە، کە ئەویش چەندین بۆنەی تێدا دەبێ، لەوانە چوونە دەرەوە، یان ئاهەنگی تایبەت، چوون بۆ ژوان، ئەمەش دەبێ جۆرە تەسریحەیەکی بۆی ئامادە بکرێ کە شیاوی ئەو کاتە بێ، ئەو جۆرە تەسریحەیەش دەبێتە یەکێك لەو مۆدە جوانانەی کە بۆ کاتی سەفرە و چوونە دەرەوە دەگونجێ، مۆدەی سەرحی بەستراوە، جوانی ئەو تەسریحەیەش لە گونجاندنیەتی لەگەڵ شێوە سەرحەکەی کە دەبێ لەگەڵ شێوەی سەر هاوشێوە دەبێت.

## چۆنیەتی جوانکاری و ئارایشتکردنی لووت



**بە هاوکاری جوانکاری کاڕۆلینا- سلێمانی**

جوانکردنی لووت بەئارایشت(مکیاج):
نهێنییەك هەیە لەئافرەتاندا لەکاتی ئارایشت دا دەیانەوێ بەشێوەیەك لووت و دەم و چاویان دەرکەوێت، بۆ ئەوەی گونجانێك لەگەڵ شـــێوەی لووت بەئارایشـــت دروست بکەن، بۆ ئەمـــەش دەبێ ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن.



١- ئەگـــەر دەتەوێ لووتت کورت بێت، ئەوا ڕەنگی تۆخ لەژێر لووتت و سەر لوتت دەدەیت.

٢- ئەگەر ویستت لوتت پان دەربکەوێ، ئـــەوا ڕەنگـــی کاڵ بەکاربهێنە لەژێر و لەناوەڕاستی لووت دا.



٣- ئەگەر ویســـتت لوتت باریك دەربکەوێت، ئەوا تەنیشـــتەکانی ئەساســـی تـــۆخ بەکاردەهێنی و ناوەڕاســـتەکەی ئەساســـی کاڵ بەکاردەهێنی، یانیش ڕەنگی پشت چاو بەکاربهێنە.

## ــــــشان و مارەبڕین


جلی کوردی بە گشت جۆرە مۆدەکانەوە لە شێوازە تازە و کۆنەکانیەوە دەکرێ سوودیان لێوە ببینین، مۆدەکانیش بەجۆرە ستایلێکی وا ئامادە دەکرێن کە جوانیی ببەخشن، جلی کوردی دەکرێ لەگەڵ هەندێك گۆڕانکاری لە ستایلەکەی بۆ گشت بۆنەکان بەکاربهێنرێ، بە نموونە لە بۆنە تایبەتەکاندا ئەوەی لە ماڵەوە ساز دەدرێ وەك نیشان و مارەکردن، کە لەو بۆنانەدا خانمان پێویستیان بە جلێکی جوان و ڕازاوە دەبێ، شێوازی جلەکانی نیشانەکردن و مارە کردن زیاتر ستایلەکەی لە سەرەوە تەسك دەبێ و لە خوارەوەش کراوەتر دەبێ، ئەمەش وەك مۆدەیەکی باوە لەنێو خانمان، بەم دواییە توانیویانە جلی کوردی مۆدەی پێشوو بە جۆرێك کار لەسەر ستایلەکەی بکەن کە وەك مۆدەی جلە مۆدێرنەکان بێ و شێوەی تەسکتر بێ لە مۆدەکانی پێشووتردا، ئەمەش وادەکات ئەو جلە بۆ کاتی نیشان و مارەبڕین و بۆنە تایبەتەکان بپۆشرێ، زیاتر ئەو جۆرە جلە بە شێوەیەکی تەسك خۆی دەنوێنێ و دیمەنێکی ڕازاوەشی دەبێ لەسەر جەستەی خانمان.

## مۆدەی بلووز و کراسە کورتەکان بۆ وەرزی پاییز



مۆدەی جلەکان دەبێتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە خانمان جەستەیان پێوە ڕازاوە بکەن و دیمەنێکی کراوە و ناسکیش نیشان بدەن، مۆدەکان بەگوێرەی شێواز و جۆرەکەی جیاوازی دەبێ لەگەڵ مۆدەی پێشوودا، ئەمەش لە کاتێکدا هەر مۆدەیەك بە جۆرێك جوانی خۆی دەردەخات، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز و بوونی کەشێکی سارد کە کاریگەری لەسەر جەستە دەبێ، لێرەدا بەسوودترین و جوانترین جلەکان دەبێتە (کراس و بلوز) بۆ ئەو وەرزە، ئەوەی دەیبینین یەکێکە لە تازەترین مۆدەکانی جلوبەرگ کە لە کوردستاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێ، ئەو جۆرە کراسە کورتانە لەگەڵ بۆدییەك دەپۆشرێ لەگەڵ جلێکی ژێرەوە ئەو جۆرە کراسانە بەجوانترین مۆدەی جلوبەرگ دادەنرێ، بۆیە دەکرێ سوود لەو جۆرە مۆدەیە وەربگرین لە کاتێکدا مۆدەیەکی ناسك و جوانە، جوانی ئەو جۆرە کراسە لە گشت کاتێکدا دەکرێ بپۆشرێ واتە بۆ دەرەوە و ماڵەوە و شوێنە تایبەتی و گشتییەکانیشدا.

## شێوازی ماکیاژ بۆ چاوی بچووك







ماکیاژەکان بەجوانترین شێوە و دیمەنی ڕازاوە دەبێتە یەکێك لە مۆدەی ماکیاژەکان تەنانەت لەڕێگەی ماکیاژەکانەوە شێوە و دیمەنی ڕووخسار دیار دەبێ و لەگەڵ ئەو شێوازەی بۆ ئەو شوێنە دادەنرێ کە ماکیاژەکەی بۆ دەکرێ، بۆ نموونە ماکیاژی چاوەکان بەپێی شێوازی چاوەکان کاری لەسەر دەکرێ، هەندێك لە خانمان چاویان بچووکە، بۆ ئەمەش گشت جۆرە ماکیاژێك ناگونجێ، بۆیە دەبێ جۆرە ماکیاژێکی بۆ بکرێ کە لەگەڵ بچووکی چاوەکەوە بگونجێ، شێوەی ماکیاژ بۆ چاوە بچووکەکان، یان ئەوانەی چاویان شێوەی بازنەیی نییە، دەکرێ بە ڕەنگێکی تۆخ و تەنیا ڕەنگێك بۆ ئەو جۆرە ماکیاژە بەدی بکەین، کاتێك چاو بچووك بێ ناکرێ چەندین ڕەنگ بەکاربهێنین بۆ ماکیاژی چاو، چونکە زیاتر شێوەی چاو ون دەکات و جوانییەکەی دیار ناکەوێ، بۆیە تاکە ڕەنگێك بۆ پشت چاوەکان دەبێتە یەکێك لە جوانترین و ناسکترین مۆدەی ماکیاژی چاو.




## وێنەیەکی دێرینی هەولێر

هەولێر ئەگەرچی مێژوویییەکی کۆن و دێرینی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا شارێکی جوانە و بە ئەربائیلۆ پێشووتر ناسرابوو، کە چەندین لێکدانەوەی جیاجیا بۆ ئەو ناوە کراوە، بەڵام زیاتر دەڵێن (ئەربائیلۆ) لە مانای سەردەمی خۆی پەیکەر و خوداوەندیان هەبووە و ناویان ناوە ئەربائیلۆ، واتە چوار خواوەندی چوار دەرگاکەی قەڵا هەروەها ناوی (هەولێر) بەمانای هەور لێرە بووە هاتووە، ئەو وێنەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٦٠)ی زایینی ئەو شوێنەش بەردەم دادگای ئێستای هەولێرە کە ئەوکاتە شوێنەکان زۆر چۆڵ بوون و ئێستاش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## ریاڵ و بەرشە ئاشت بوونەوە!



زۆربەمان لایەنگیری یەکێك لە تیپەکانی جیهان دەکەین، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ زیاتر باوە لایەنگیری هەردوو یانەی ئیسپانیایە کە هەردوو یانەی (ریال مەرید و بەرشلۆنەیە)، کاتێك ئەو دوو یانەیە یاری دەکەن، لەگەڵ ئەوەی ناخۆشی و شەڕ لەنێو یانەکان ڕوودەدات، کەچی لەناو هاندەرانیش هەمان حاڵەت دروست دەبێ، کەچی وادیارە ئەو دوو خوشکە ئەو شەڕ و ناخۆشییەیان شکاندووە، لەگەڵ ئەوەی هەر یەکە هاندەری یانەیەکە، کەچی زۆر تەبان و دڵیان بە یەکترەوە خۆشە، ئەو دوو کچە خەڵکی ئیسپانیان و ناویان (ئانیا و مانیا)یە کە جمکن و تا ئێستاش خۆشەویستی یەکتری خۆیان نەکردۆتە قوربانی دوو یانەکە.



## مۆدەی قژە سەیرەکان

قژە سەیرەکان مۆدەی سەیر و جوان دەردەخەن، کە بە جۆرێك شیاوی کارێکی وا دەبێ لە نزیکەوە خەڵك سەرسام بکات و دەبێتە یەکێك لە گرنگترین مۆدەکانی قژ، ئەوەش یەکێکە لەو مۆدانەی کە بە مۆدەیەکی سەیر و جوان ناسراوە، بەم دوایییە جۆرێك لە مۆدەکانی قژ لەسەر شێوەی زنجیری جلەکان ئامادە کراوە، کە لە دواوەی قژی کوڕان یان کچان ئەو کارە ئەنجام دەدرێ، بەجۆرێك دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوان نیشان دەدات.

## (٩٩٩٩٩) گوڵی سوور ب...



ڕەنگی سوور لەلای (چین)ییەکان هێمای خۆشەویستی و هێمنی و هەستی پاکە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارە (٩) لەلایان پیرۆزە و بە ژمارەیەکی بە بەخت و خۆشەویستی دادەنێن، ئەمەش بووە بیرۆکەی ئەو زاوا چینییەی کە توانی جوانترین دیاری بۆ بووکە خانەکەی خۆی دابین بکات، ئەویش لەڕۆژی ئاهەنگەکەیان گەورەترین و سەیرترین دیاری لەڕەنگی سوور و ژمارە (٩)ی پێشکەش کرد، (زیو وانگ) ئەو زاوایە بوو کە لەڕۆژی ئاهەنگی هاوسەری (٩٩٩٩٩) واتە نەوەد و نۆ هەزار و نۆسەد و نەوەد و نۆ گوڵی سووری ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی لە کاتی هێنانی بووکەخاندا لەسەر ڕێگاکاندا بیبینێ و بەدڵی بێ، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین ئاهەنگەکانی بووك و زاوا.



## دریژترین نینۆک لە جیهان لە مەترێک زیاترە

ئەوانەی خولیای درێژکردنی نینۆکن، کە زیاتر لەلایەن خانمانەوە باوە، ئەگەر سەیری ئەو ئافرەتە بکەن ئیتر واز لە کارەکەیان دەهێنن لەوەی کە ناتوانن شان لەشانی ئەو ئافرەتە بدەن کە ناوی (کریس ویلتۆن)ی هاووڵاتی ئەمریکایە، کە لە ماوەی چەندەها ساڵەی گرنگیدان بە نینۆکەکانی، توانیویەتی هەر نینۆکێکی بگەیەنێتە (١٠٩) سەنتیمەتر، واتە زیاتر لە مەترێك، ئەمەش دەبێتە خاوەنی یەکێك لە گەورەترین و سەیرترین نینۆك لە جیهان.



## کۆنترین ئوتۆمبێلی جیهان

ئەمە دەبێتە کۆنترین ئوتۆمبێل کە مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩٠٤) کە تاوەکو ئێستا نزیکەی (١٠٧) ساڵە کار دەکات و بەبێ ئەوەی تێکبچێ، ئەو ئوتۆمبێلە ناوی (ولسلی)یە و لە بریتانیا دروستکراوە، ئەوەی جێگەی سەیرە تا ئێستاش کار دەکات بەبێ ئەوەی دیمەنی شێواو بوو بێ، ئەمەش لەلای ئەو پیاوە هەڵگیراوە کە پێشتر لەلایەن باوکییەوە پاراستبووی تا ئەمڕۆ، ئەم ئۆتۆمبێلە دەبێتە یەکێك لە کەرەستە کۆنەکان، دەکرێ ئێستا بە پارەیەکی خەیاڵی بفرۆشرێ، کەچی ئەو پیاوە دەڵێ دەبێ لەگەڵ نەوەکانمان بچێتە سەرو بمێنێ.





## (٦٥) کەرپووچ لەسەر پایسکیلێک

ئەوانەی کارە سەیرەکان ئەنجام دەدەن، دەتوانن بەجوانترین شێوە کاری وا بکەن کە جێگەی سەرسوڕمانی گشت کەسێك بێ، ئەم حاڵەتەش دەبێتە یەکێك لە حاڵەتە سەیرەکان، بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی کارە سەیرەکانیان وێنەیان دەگیرێ و دەبێتە یەکێك لە وێنە سەیر و حاڵەتە جوانەکان، ئەو پیاوەی دەیبینن توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە کەرپووچ کە ژمارەیان دەگاتە (٦٥) دانە لەسەر پایسلکەکەی هەڵگرتووە، ئەوەی جێگەی سەیرە کە دەستی لەناو کەرپووچەکان هێناوەتە دەرەوە و پایسکلەکەش لێدەخوڕێت.



## ـــۆ بووک







ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك كەس كە خەریكە بەرەو كۆتا دەڕۆن، كەسێك پێشنیارێكت بۆ دەكات پێشت گوێی مەخە، باری سۆزداریت فەرامۆش مەكە .




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لایەنی سۆزداریت گەشەیەكی خێرا بەخۆیەوە دەبینێت و سۆزو خۆشەویستیەكی لە ڕادەبەدەر رووت تێ دەكات، لەوانەیە دیارییەكی بەنرخیشت بەدەست بگات.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

دەرفەتی كارێكی باشت لەپێشە بیقۆزەوە، خۆشەویستییەكی نوێ لەدەرگای دڵت ئەدات، زۆر بەوردی سەرنجی لێ بدە، دوایی پەشیمانی دادت نادات.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بەپەلە هەڵسوكەوت مەكە چونكە زەرەرمەند دەبیت، هەست بە بێزاری و دڵەڕاوكێ دەكەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناك، پشوویەكی كورت بەسوودە بۆت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەم هەفتەیە دوور بكەوە لەمشتومڕ دەربارەی ناكۆكیەكانت لەگەڵ ئەو كەسەی خۆشت دەوێ، چونكە كات لەبار نییە بۆلەیەكتر گەیشتن، مامەڵەی گەورەش باش نییە لەم كاتە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

مەترسە لە رووبەڕووبوونەوەی هەندێ هەڵوێست كە پەیوەندی بەخۆشەویتستەكەتەوە هەیە، لەرابردوو دووربكەوە تابەرەو پێشەوە هەنگاو بنێیت، ئامۆژگاری دەوروبەرت وەربگرە.

## وتە جوانەكان

مامۆستایان بەپێی پسپۆری خۆیان عەشق لێك دەدەنەوە:

مامۆستای وەرزش: عەشق، تۆپێكە ئەچێتە گۆڵی هەموو دڵێكەوە.

مامۆستای كیمیا: عەشق، تەنیا ماددەیەكی تێزابیە یەكسەر كار لە دڵ دەكات.

مامۆستای فیزیا: عەشق، وەك ئاسنێكی موگناتیسییە كە مەعشوق بەرەو خۆی ڕادەكێشێ.

مامۆستای زیندەوەرزانی: عەشق، تەنیا میكرۆبێكە كە ئەچێتە لەشەوە و لە دڵدا جێگەی خۆی ئەكاتەوە.

مامۆستای مێژوو: عەشق، تەنیا ڕاستیەكە كە ڕووداوی گەورە لەدڵی مرۆڤەكاندا بۆ داهاتوو جێ دەهێڵێ.

## یاری پیت دۆزینەوە

**یاری پیت دۆزینەوە لەم چەند پیتەی (ز) یەكێك لەو پیتانە، پیتێكی جیاوازە، بۆ ئاستی زیرەكیت و لە ماوەی تەنیا (١٠) چركەدا بە ورد بوونەوەی چاو ئەو پیتە جیاوازە بدۆزەوە!**

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

زززززززززززززززززززززژززززززززززززززززززززززز

ززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

زززززززززززززززززززززززززززززززززززززز

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرماوەز) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتاییدا ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە :

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ناوێكی دیكە بۆ ژێر)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ئاگر بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەكانی (٥+٤+٣) كۆبكەیتەوە بە مانای (بەشێكە لە جەستەی مرۆڤ گەورەترین ئێسكی تێدایە)
- پیتی خانەكانی (١+٤) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ناوێكی دیكەی هەوا)




## ئاسۆیی:

١- چالاکوانێك و سیاسەتمەدارێکی کوردبوو، بەدەستی ڕژێمی سوریا تیرۆر کرا خاوەن وێنەکە.
٢- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبییە(پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئەوروپییە.
٣- پیت – نیوەی مەرگ – وەکو یەك.
٤- دوو پیتی تیر – جۆرە ئامێرێکی کارەباییە.
٥- مایك (ت)- سینگ(پ).
٦- نینە(ت) – شاعیرێکی کوردبوو.
٧- ئازا – جۆرە ئامێرێکە – مام(ت).
٨- وەزیر- هەل(ت).
٩- دارێکە (پ) – دوبەی(ت) – سێ پیتی حوسەین.
١٠- شارۆچکەیەکی کوردستانە – پرس- شەپرێو(پ).
١١- گۆڤارێکی کوردییە(پ)- پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقیە(پ).
١٢- شاعیرێکی کوردبوو.

## ستوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردی کۆچ کردووە.
٢- سێ پیتی حەمەد – شەڕێکی شێخ مەحمود بوو(پ).
٣- یانەیەکی ئۆزبەکییە - تەر(ت).
٤- شارێکی کوردیە - شاعیرێکی کوردبوو(پ).
٥- ژمارەیەکە(پ) - شارێکی کوردستانە(پ).
٦- دراوێکی جیهانییە(پ).
٧- دوو پیتی تاس- نیوەی دارا.
٨- شارێکی کوردستانییە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.
٩- زیندەوەرێکی زیان بەخشە – خان(ت).
١٠- لۆ(پ) – چیایەکی کوردستانە(پ) – وەکو یەك.
١١- ڕووبارێکە لە ئەمریکا(پ)- ئاشکرا(ت).
١٢- سەرکردەیەکی کوردە - شارێکی کوردستانییە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەخۆبایی مەبەو دڵی خەڵکانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لەڕابردووی خۆت بکەرەوە، چونکە تۆ کەسێکی چاپووك و دڵسۆزی، باری سۆزداریت روو لەباشیە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

بوژانەوەیەکی باش لەسیماتدا بەدی دەکرێ، لە بواری سۆزداریەوە دەرفەتێکی باشت بۆ هەڵدەکەوێ و لەوانەیە لەئامانجت نزیك بکەویتەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماندووبوونی پێشووت لەبیبر دەکەیت و بێ ئەوەی خۆشت بزانیت کارەکانت جێبەجێ دەبن ئەرکەکانی سەر شانت زۆر سوك دەبێت، لەوانەیە باری داراییشت باشتر بێت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

سەرکەوتنێکی چاك لەبواری کارەکەت بەدەست دەهێنیت، کە دەستکەوتێکی ئابووری باشی لەگەڵ دا دەبێت، لەبواری ئەڤینداریییەوە هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزانەکەت دەرفەتێکی دیکەت بۆ دەڕەخسێت، هەوڵبدە خۆپەرست نەبیت و تۆزێك دووربین بە، هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زیاتر وردبەرەوەو زیرەکانە پلانەکەت داڕێژە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەت، چونکە کەسانێك دەیانەوێت کۆسپت بۆ دروست بکەن، لایەنی سۆزداریت لە گەشانەوەیە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی یاریزانێکی کوردت بۆت دەربچێ.

ا ف ر د

وەڵامی ژمارەی پێشوو (کانی ماسی)



## نوکتە

-مامۆستا بە قوتابییەك دەڵێ: سێ ڕستەم بۆ بهێنەوە لەگەڵ کاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو...
قوتابییەکەش دەڵی:
دوێنێ کچەکەی تۆم بینی کچەکەم لەگەڵ بوو. (رابردوو)
ئێستا لە پێوەندی خۆشەویستیداین. (رانەبردوو)
بەیانی دەچینە دەرەوە بۆ ژوان. (داهاتوو)


* * *

- یەکێك تەلەفونێکی لە برادەرێکەوە بۆ دەکرێت و ئەویش نایەوێت جواب بداتەوە و نامەیەکی لە مۆبایلەکەوە بۆ دەنێرێت و دەڵێت ئەوە خۆم لەماڵەوە نیم و مۆبایلەکەم لە بیر چووە، برادەرەکەشی دەڵێت باشە کە گەڕایتەوە تێلم بۆ بکە ئیشم پێتە.

## وێنەی جیاواز و خاڵی هاوبەش

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوان خاڵە جیاوازییەکاندا بدۆزەرەوە



## نوکتە




-مامۆستا بە قوتابیەك دەڵێ: سێ ڕستەم بۆ بهێنەوە لەگەڵ كاری ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو...
قوتابییەكەش دەڵێ:
دوێنێ كچەكەی تۆم بینی كچەكەم لەگەڵ بوو. (ڕابردوو)
ئێستا لە پێوەندی خۆشەویستیداین. (ڕانەبردوو)
بەیانی دەچینە دەرەوە بۆ ژوان. (داهاتوو)

* * *

- یەكێك تەلەفونێكی لە برادەرێكەوە بۆ دەكرێت و ئەویش نایەوێت جواب بداتەوە و نامەیەكی لە مۆبایلەكەوە بۆ دەنێرێت و دەڵێت ئەوە خۆم لە ماڵەوە نیم و مۆبایلەكەم لە بیر چووە، برادەرەكەشی دەڵێت باشە كە گەڕایتەوە تێلم بۆ بكە ئیشم پێتە.

## وتە جوانەکان

مامۆستایان بەپێی پسپۆڕی خۆیان عەشق لێك دەدەنەوە:
مامۆستای وەرزش: عەشق، تۆپێكە ئەچێتە گۆڵی هەموو دڵێكەوە.
مامۆستای كیمیا: عەشق، تەنیا ماددەیەكی تێزابییە یەكسەر كار لە دڵ دەكات.
مامۆستای فیزیا: عەشق، وەك ئاسنێكی موگناتیسییە كە مەعشوق بەرەو خۆی ڕادەكێشێ.
مامۆستای زیندەوەرزانی: عەشق، تەنیا میكرۆبێكە كە ئەچێتە لەشەوە و لە دڵدا جێگەی خۆی ئەكاتەوە.
مامۆستای مێژوو: عەشق، تەنیا ڕاستیەكە كە ڕووداوی گەورە لەدڵی مرۆڤەكاندا بۆ داهاتوو جێ دەهێڵێ.




### ئاسۆیی:

١- چالاكوانێك و سیاسەتمەدارێكی كوردبوو، بەدەستی ڕژێمی سوریا تیرۆر كرا خاوەن وێنەكە.
٢- پایتەختی وڵاتێكی عەرەبیە(پ)- پایتەختی وڵاتێكی ئەوروپیە.
٣- پیت – نیوەی مەرگ – وەكو یەك.
٤- دوو پیتی تیر – جۆرە ئامێرێكی كارەباییە.
٥- مایك (ت)- سینگ(پ).
٦- نینە(ت) – شاعیرێكی كوردبوو.
٧- ئازا – جۆرە ئامێرێكە – مام(ت).
٨- وەزیر- هەل(ت).
٩- دارێكە (پ) – دوبەی(ت) – سێ پیتی حوسەین.
١٠- شارۆچكەیەكی كوردستانە – پرس- شەپرێو(پ).
١١- گۆڤارێكی كوردییە(پ)- پایتەختی وڵاتێكی ئەفریقیە(پ).
١٢- شاعیرێكی كوردبوو.

### ستوونی:

١- گۆرانیبێژێكی كوردی كۆچ كردووە.
٢- سێ پیتی حەمەد – شەڕێكی شێخ مەحمود بوو(پ).
٣- یانەیەكی ئۆزبەكییە - تەر(ت).
٤- شارێكی كوردیە - شاعیرێكی كوردبوو(پ).
٥- ژمارەیەكە(پ) - شارێكی كوردستانە(پ).
٦- دراوێكی جیهانییە(پ).
٧- دوو پیتی تاس- نیوەی دارا.
٨- شارێكی كوردستانییە(پ)- شاعیرێكی كوردبوو.
٩- زیندەوەرێكی زیان بەخشە – خان(ت).
١٠- لۆ(پ) – چیایەكی كوردستانە(پ) – وەكو یەك.
١١- ڕووبارێكە لە ئەمریكا(پ)- ئاشكرا(ت).
١٢- سەركردەیەكی كوردە - شارێكی كوردستانییە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەكان ڕێكبخەی بۆ ئەوەی ناوی یاریزانێكی كوردت بۆت بۆ دەربچێ.

ا ف ر د

وەڵامی ژمارەی پێشوو (كانی ماسی)